ULLENSAKER
KOMMUNE

خوێندنگای ئاڵگارهایم

شەقامی کریستنسن ٢٠

٢٠٥٦ یەسهایم

تەلەفوون.٩٦٩٤٣٦٥٠

پۆستی ئەلکترۆنی. Postmottak.algarheim.skole@ullensaker.kommune.no

بەخێربێن بۆ پۆلی ئامادەیی لەخوێندنگای ئاڵگارهایم .

زانیاری گرینگ بۆ تۆ کە لە پۆلی ئامادەیی ئالگارهەیم دەست بە خوێندن دەکەیت.

لە خشتەی وانەکاندا دیاری کراوە کەی تۆ دەبێ لە خوێندنگا ئامادە بیت.

| کاتژمێر | دووشەم | سێشەم | چوارشەم | پێنج شەم | هەینیی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١<br>٠٨,٣٠بۆ ١٠,٣٠ | X | X | X | X | X |
| ٢<br>١١,١٥بۆ١٢٤٥ | X | X | ١٢,١٥<br>کۆتایی دەوام | | X |
| ٣<br>١٣..بۆ ١٤٠٠ | | X | | ١٣,٣٠<br>کۆتایی دەوام | |

پێویستە جانتا ، قەڵەمدان و لاستیکی خەتکوژاندنەوەت پێبێ. پێویستیە کانی تری خوێندن، لە لایەن خوێندنگاوە دابین دەکرێن.

حەفتانە خشتەی وانەکانت پێدەدرێ. لە خشتەی وانەکاندا، کاری حەفتانەی خوێندنگات بۆ دیاری کراوە.هەم چۆنیەتی کار و ڕاهێنانەکان بۆ خەێندکار و هەمیش پەیامی گرینگی خوێندنگاوە بۆ دایک و باوکان لە وێدا ئاماژەی پێدەکرێ. پێویستە کە دایک وباوکان چاوەدێریی خشتەی وانەکان بکەن. لە حاڵەتی گومان و دڕدۆنگیی، پەیوەندی بە خوێندنگاوە بگرن.

هەموو حەفتەیەک کار و ڕاهینانی ماڵەوەت بۆ دادەندرێ و ڕاهینانەکان و ئەرکی خوێندکار بە ڕوونی لە خشتەی وانەکاندا هاتوە.

ڕاهینانەکان دەبێ لە ماڵەوە ئەنجام بدرێن. ئەرکی دایک و باوکانە کە چاوەدێری منداڵەکانیان بن لە بواری ئەنجامدانی ئەرک و ڕاهێنانیۆ ڕۆژانەیاندا. لە کاتی گومان و دوودڵیی، پەیوندی بە خوێندنگاوە بگرن.

پێویستیت بە پێڵاوی ژوورەوە دەبی کە تەنیا بۆ ناو پۆل بەکاریان دێنی، جا چ دەمپایی،نەحل یا خوود پێڵاوی هەڵاتن بێ.

لە کاتی پشوودانی ڕۆژانە دا لە حەوشەی خوێندنگا، پێویستیت بە لیباسیک دەبێ کە بتپاریزێ لە سەرما و سۆڵە و تەربوون. لە وانەیە پێویستیت بە مەتەری و پووت/چەکمە هەبێ.

لە کاتی وەرزی سەرما و زستان دا پێویستیت بە کڵاوی گەرم، یەکسەری، قەمسەڵە، پانتۆڵ و پێڵاوی گەرم/ پووت دەبێ.

زۆر باش دەبێ کە جلک و لیباسی زیادەت پێبێ لە خوێندنگا، بۆ ئەوی لە کاتی تەڕ بوونی لیباسەکانتدا، بتوانی بیانگۆڕی.

دەتوانی لیباسە زیادیکان کە بریتین لە ، پانتۆڵ، کراسی گەرم، گۆرەویی و لیباسی ژیرە وە، بیانخەیتە ناو زەرفێک /حلاگەیەک و لە شوێنێ دیاری کراوی خۆت هەڵیباوەسی.

دەبی نانی نیوەڕۆیە لەگەڵ خۆتدا بینیت بۆ خۆێندنگا ، بەڵام ناتوانی و بۆت نیە کە شیرنەمەنی و چوکلێت پێ بێ بۆ خوێندنگا.

ئەگەر بت هەوێ دەتوانی شیر بکریت لە خوێندنگا. شێوەی کڕینەکەی لە ڕێگای ئانلاینەوە دەکریت ، بە سەردان لەم لاپەڕەیە.

[Skolelyst.no](Skolelyst.no).

لە کاتی نەهاتنەوە بۆ خوێندنگا و غایب بوون بە شێوەی خوارەوە خوێندنگا ئاگادار دەکەیتەوە.

[postmottak.algarheim.skole@ullensaker.kommune.no](mailto:postmottak.algarheim.skole@ullensaker.kommune.no).

ئەگەر ئەوەش نەکرا، دەتوانی پێش کاتژمێری ٠٨,١٥ پەیوەندی بەم ژمارەوە بکەیت.٩٦٩٤٣٦٥٠

هەموو چشنە غایب بوونیک دەنووسرێ و یادداشت دەکرێ.

ئەگەر پێویستیت بە ئیجازە هەیە، دەبی پێشوەخت داوای بکەیت. لە کاتی وەرگرتنی ئیجازەی چەندرۆژە ، دەبێ لە فۆرمێکی /ئیستیمارەیەکی تایبەت کەڵک وەرگیرێت.

بۆ هەر چشنە پرسیاریک لە بواری وانەگوتنەوە، ڕاهینان و شتی تر، پێوەندی بگرن بەم ژمارانەی خۆارەوە.

تەلەفوون_ ٤٨١١٨٩١٩/٩٦٩٤٣٦٥٠